# صيد عند السلاطين السلاجقة في العراق (٤٤٧-٥٩٠هـ/١٠٥٥-١١٩٤م)

م.م. نوروز علي كاكه أمين
قسم التأريخ/ كلية آداب/ جامعة صلاح الدين- أربيل
Nawroz.kakamin@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: صيد، سلطان، سلجوقية، العراق، حيوان.

**كيفية اقتباس البحث**

كاكه أمين , نوروز علي , صيد عند السلاطين السلاجقة في العراق (٤٤٧-٥٩٠هـ/١٠٥٥-١١٩٤م),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر (Creative Commons Attribution) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** مسجلة في
**ROAD**

**Indexed** مفهرسة في
**IASJ**

# Hunting the Seljuk Sultans in Iraq (447-590AH- 1055-1194 AD)

**Assistant Lecture: Nawroz Ali kakaamin**
**Department of History/ College of Arts/ Salahaddin University-Erbil**
**Nawroz.kakamin@su.edu.krd**

**Keywords** : Hunting, Sultan, Seljuk, Iraq, Animal.

**How To Cite This Article**
Kakaamin, Nawroz Ali ,Hunting the Seljuk Sultans in Iraq (447-590AH- 1055-1194 AD),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
Hunting was a necessity for survival and food gathering throughout history, using basic tools. Hunting has existed since prehistoric times, but the phenomenon of hunting has changed in each state and civilization It has decreased somewhat. Sultans and kings also often used hunting as a sport for recreation, distance and relaxation.
Hunting was an integral part of the Seljuk sultans' lives, due to their environment, which was desert and plains. Despite their busy lives running Iraq and mixing with the Abbasid Caliphate, they did not neglect hunting with various animal tools and techniques They hunted miscellaneous.

**الملخص:**
لطالما كان الصيد ضرورة للبقاء على قيد الحياة وجمع الطعام عبر العصور التأريخيه، باستخدام أدوات بسيطة. وقد وجد الصيد منذ عصور ما قبل التاريخ، إلا أن هذه الظاهرة تغيرت في كل دولة وحضارة، وانخفضت إلى حد ما. كما كان السلاطين والملوك يمارسون الصيد في كثير من الأحيان كرياضة للترفيه والاستجمام.
كان الصيد جزءا لا يتجزأ من حياة سلاطين السلاجقة، نظرا لبيئتهم الصحراوية والسهولية. ورغم انشغالهم بإدارة العراق والتواصل مع الخلافة العباسية، لم يتخلوا عن الصيد مستخدمين أدوات وتقنيات متنوعة.

## راوكردن له لای سوڵتانەکانی سەلجوقی لە عێراق (٤٤٧-٥٩٠ک/١٠٥٥-١١٩٤ز)

ئامادەکردنی: م.ی. نەورۆز علی کاکەأمین
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

**پوختە:**

ڕاوکردن بە درێژایی سەردەمەکانی مێژوو پێویستیەک بووە بۆ مەبەستی مانەوە لە ژیان و کۆکردنەوەی خۆراک، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازە سەرەتاییەکان ڕاوکردن هەر لە سەردەمی پێش مێژوودا هەبووە، بەڵام لە هەرسەردەمێک دیاردەی ڕاوکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەر دەوڵەت و شارستانیەتیکیش جیاوازی هەبووە، لە سەردەمی ئستاماندا و لەکاتی سەرهەڵدانی هۆشیاری ژینگەیی و یاساکانی پاراستنی گیانلەبەرە کێوییەکان دیاردەی ڕاوکردن تارادەیەک کەم بۆتەوە. هەروەها سوڵتان و پاشایان زۆرجار ڕاویان وەکو وەرزشێک بەکارهێناوە بۆ مەبەستی کات بەسەربردن و دوورکەوتنەوە و ئارامبوونەوەی دەروونیان.

ڕاوکردن لەلای سوڵتانەکانی سەلجوقی بەشێکی دانەبڕاوبووە لە ژیانیان ئەمەش بە حوکمی ئەو ژینگەیەی کەتیایدا بوون، کە بیابان و دەشتایی بووە، سوڵتانەکانی سەلجوقی سەرەڕای سەرقاڵی ژیانیان بە بەڕێوەبردنی عێراق و تێکەڵیان لەگەڵ خیلافەتی عەباسی، بەڵام ڕاوکردنیان پشتگوێ نەخستبوو، بە چەندین ئامراز و تەکنیک ئاژەڵی هەمەجۆریان ڕاودەکرد.

وشە کلیلەکان:
ڕاوکردن، سوڵتان، سەلجوقی، عێراق، ئاژەڵ.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕاوکردن لەلای سوڵتانەکانی سەلجوقی لە عێراق دەکات، کە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەیان بووە.

ڕاوکردن چەندین ئاژەڵی حۆراوجۆری لە خۆگرتووە، سوڵتانەکانی سەلجوقی ڕاوکردنیان وەکو وەرزش بۆ ئارامبوونەوەی دەروونیان بەکارهێناوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی چچەندین گیروگرفت بوونەوە لەوانەش: نەبوونی زانیاری تەواو و پێویست لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا، ئەمەش وایکردووە لە ژێر ڕۆشنایی دێرەکانی ناو سەرچاوەکاندا زانیارییەکان هەڵێنجێنین.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم کارنامەیە ئامانجی خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی لایەنی ڕاوکردن لەلای سوڵتانەکانی سەلجوقیە لە عێراق.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویمان پەیرەو کردووە، لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی بابەتی زانستی لە سەرچاوە مێژووییە جیاوازەکان و دواتر شیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

لەم کارنامەیەدا گریمانەی ئەوەمان کردووە کە ئایا سوڵتانەکانی سەلجوقی لە عێراق ڕاوکردنیان ئەنجامداوە یاخودنا.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**بەشی یەکەم/ پێناسەی راوکردن و ئامرازەکانی راوکردن:**

**تەوەری یەکەم/ پێناسەی راوکردن:**

ڕاوکردن بریتییە لە کردەی گرتنی ئاژەڵ و ماسی و باڵندە. یەکێکە لە کۆنترین چالاکییەکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی خواردن، دوای سەردەمی کۆکردنەوە و کۆکردنەوەی میوە و سەرچاوەکانی دیکە کە سروشت دابینی دەکات. ڕاوکردن چالاکییەکی مرۆییە کۆنە بە درێژایی هەزارەها ساڵ پەرەی پێدراوە، بۆتە بەشێک لە هۆکارەکانی مانەوە لە ژیاندا و پەیوەندیەکی پتەوی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدادروستکردووە تاوەکو وی لێهاتووە مرۆڤەکان خۆیان گونجاندووە لەگەڵ سروشتدا.[١]

**تەوەری دووەم/ ئامرازەکانی راوکردن**

لە سەردەکانی ناوەڕاست تەکنیکەکانی ڕاوکردن پەرەی سەندووە کە ئامرازەکانی وەکو تیروکەوانی درێژ و ڕم و باز بەکارهێنراوە، کە راوکردن بە باز لەلایەن سوڵتان و سەرکردەکانەوە بەکارهاتووە، بازەکان راهێنانیان پێ دەکرا بۆ راوکردن، لەلایەکی ترەوە سەگی راهێنراو بەکارهاتووە بۆ ڕاوی مامز و بەرازە کێوییەکان.

**بەشی دووەم/ راوکردنی سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

**تەوەری یەکەم/ راوکردنی سوڵتانە گەورەکان (یەکەمینەکان)ی سەلجوقی:**

هەر لە دێرزەمانەوە دەبینین کە پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان لەلایەن مرۆڤەوە گرنگ بووە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویت (لَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا)(٢)، بەڵام بەمەرجێک بەبێ زێدەڕۆییکردن بێت، بەرژەوەندی مرۆڤی تێدا هەبێت وەکو پێشبڕکێ ونیشانە شکاندن...هتد، دەبینین سوڵتانەکانی سەلجوقی کاتەکانی خۆیان بە چەندین شێوازی جیاواز تێپەڕاندووە.

سوڵتانەکانی سەلجوقی ئارەزووی جۆربەجۆریان هەبووە، هەندێکیان بە بۆماوەیی بۆیان مابۆوە، بەڵام هەندێکیان لەدەرەوەی بنەماڵەی سەلجوقی هەبووە، هەندێک لەو کات بەسەربردنانەش سوڵتانەکان و خەڵکی گشتیش تیایدا بەشداربوونە(٣).

سوڵتانەکان ئارەزووی راوکردنیان هەبووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگەو شوێنی جوگرافی نیشتەجێ بوونیان دەشتایی بووە، زۆرجار ڕاهێنانیان بە ئاژەڵ کردووە بۆ ئەوەی بۆ ڕاو بەکاریانبهێنن لەوانەش، باز و قوش و شاهین(٤)، تەنانەت فەرمانبەرێکیان بۆ ئەم مەبەستە دابینکردبوو، نازناوی (بیک) یان (أمیر) بوو، کە سەرپەرشتیاری راوی شاهانە بوو، سوڵتان داوای دەکرد لەهەموو پیاوانی دەوڵەت و دەربار (ئەوانەی توانای هەبوو) بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ڕاوکردن، لەلایەکی ترەوە سوڵتان دیاری دەدا بەو کەسەی زۆرترین نیشانەی بشکاندبایە(٥)، هەروەها ئاژەڵی سەگ و پڵنگ و ڕەشەوڵاخ بەکاردەهێنرا بۆ ڕاوکردن(٦)، بۆ ڕاوکردنیش پۆشاک و کەرەستەی تایبەتیان دابین دەکرد، خواردنێکی زۆریش بۆ سوڵتان ئامادەدەکرا کە میرە تورکەکان و پاسەوانەکان پێی سەرسام دەبوون(٧).

١- **سوڵتان (طغرلبک):** هەرچی تایبەتە بە سوڵتان (طغرلبک) مێژوونووس (الراوندی) باس لەوەدەکات کە سوڵتان (طغرلبک) لەکاتی دەرچوونی بۆ ئەنجامدانی ڕاوکردن خێوەتگەی تایبەتی هەبوو ناوی لێنابوو (الخیام الجهرمیة)(٨)، "کان یرکب مبکرا، طلبا للتنزه أو للصید"

سبەینان زوو بۆ گەشت یان بۆ ڕاوکردن دەردەچوو (٩)، لەم گێرانەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە سوڵتان ڕاوی کردووە.

٢- **سوڵتان (ألب أرسلان):** هەروەها سوڵتان (ألب أرسلان)یش بەو پێیەی ڕیشێکی درێژی هەبووە، لەکاتی ڕاو کردن و نیشانە شکاندن ڕیشەکەی بەستووە بۆ ئەوەی بواری بدات و ڕاو نیشانەشکاندن ئەنجام بدات [١٠]، "ولم يكن يخطىء سهمه" هەرگیز تیرەکەی هەڵەی نەکردووە[١١] .

٣- **سوڵتان (ملكشاه):** بەڵام هەرچی سوڵتان (ملکشاه) بوو، ئەوا زۆر بەپەرۆش بووە بۆ ڕاوکردن، زۆر حەزی لەڕاوکردن بووە تەنانەت بۆتە نموونەیەک بۆ باس کردن لەمەسەلەی ڕاوکردندا[١٢]، بەڕادەیەک سوڵتان حەزی لە ڕاوکردن بووە پەڕاوێکی پێ بووە، هەموو تێبینیە کەسیەکانی تێدا دەنووسیەوە، لەگەڵ هەموو ئەو ڕووداوانەی لەکاتی ڕاوکردن ڕوویان دەدا تێدا تۆمار دەکرد، هەموو ئەو ئاژەڵانەی کە ڕاویانی دەکرد تێدا تۆماردەکرا، بەشێوەیەک دەوترێت لە ڕۆژێکدا حەفتا مامزی ڕاو کردووە[١٣]، "فاصطاد شيئا كثيرا من الغزلان ويرها، وأمر ببناء منارة... وتسمى منارة القرون" لە شاخی مامزەکان لەڕێگەی مەککە منارەیەکی دروستکردووە ناوی نراوە منارەی شاخەکان، هەروەها هەربەم شاخانە منارەیەکی دیکەی لە وڵاتی پشت ڕووبار دروستکرد[١٤]. بەپێی تۆمارێکی (ابن تغری بردی) مێژوونووسە باس لەوە دەکات کە سوڵتان چوار هەزار مامزی ڕاوکردووە بە شاخەکانی منارەی پێ دروستکردووە[١٥]، "كان السلطان يحب الصيد...استطاع في يوم واحد أن يصيد سبعين غزالا وكان من عادته أن يتصدق على الفقراء والدراويش بدينار مغربي لقاء كل صيد يصيده" سوڵتان (ملکشاه) حەزی لەڕاو بوو لە ڕۆژێکدا توانی حەفتا مامز ڕاو بکات، بەرامبەر هەر ڕاوکردنێکیش یەک دیناری مەغریبی کردۆتە خێر.[١٦] تەنانەت الراوندی ئەو پەڕاوانەی بینیوە کە سوڵتان تۆماری کردبوو لەکاتی ڕاوکردندا، کە سوڵتان ناوی نابوو کتێبی (شکارنامە) واتە کتێبی ڕاو، کەبە خەتی (أبی طاهر الخاتونی)[١٧] نووسرابووەوە، و تێدا ئاماژە بەوە دراوە کە سوڵتان سەدەقەی کردووە بەسەر هەژارو دەروێشەکاندا و بەخشندە بووە بەرامبەر بە هەر ڕاوێک دینارێکی مەغریبی کردۆتە سەدەقە "ولقد رأيت كتاب صيده (شكارنامه) مكتوبا بخط أبي طاهر الخاتوني"[١٨]، هەروەها لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا دەووترێت: "رووا ان السلطان (ملكشاه) كان له ميل شديد للصيد، وكان كلما ضرب صيدا منح فقيرا من الذهب الاحمر الخالص من ماله الخاص" دەگێڕنەوە سوڵتان ملشکاە زۆر حەزی لەڕاوکردن بووە لەبەرامبەر هەرڕاوێکدا دینارێکی لەزێڕی سوور لە پارەی تایەبتی خۆی بەسەر هەژاران بەخشیوە[١٩]، لێرەدا لەناوی کتێبەکە بۆمان دەردەکەوێت شکار ناوێکی کوردیە، پێدەچێت ناونانی کتێبەکەی سوڵتان لەزمانی کوردی وەرگیرابێت بەحوکمی بوونی سەلجوقیەکان لەناوچە کوردیەکان و نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی فارس کە دراوسێی (هەرێمی چیا) بوونە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە سوڵتان ڕۆژێک باڵندەیەکی زۆر ڕاو دەکات گەیشتۆتە دە هەزار باڵندە، بۆیە بە دەهەزار دینار سەدەقەی کردووە، هەروەکو وتوویەتی من لە خوا دەترسم[٢٠]، چۆن ڕۆحی ئەو ئاژەڵانە دەردەکەم بەبێ هۆکار تەنها بۆ خواردن نەبێت [٢١]، سوڵتان لە دەوروبەری بەغدا و خوزستان و أصفهان ڕاوی دەکرد، کارامەیی بۆ ڕاو وای لێهات ناوی

کەوتە سەر هەموو زمانێک[٢٢]، بەخوێندنەوەی ئەم دەقانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت تارادەیەک زێدەڕۆیی لە ژمارەی ئاژەڵەکان هەیە ئەوانەی سوڵتان ڕاویانی کردووە، هەروەها وا پێدەچێت سوڵتان گەنجینەیەکی باشی لەبەردەست بووبێت، ئەگەر نا سەدەقەکردن بەرامبەر بە هەر ئاژەڵێک کە ڕاوی بکات، خەرجیەکی زۆری تێدەچێت.

لەو ئاژەڵانەی سوڵتانەکانی سەلجوقی ڕاویان دەکردن مامز و مانگا و ئاژەلی کێوی بوون[٢٣] ، سەرەڕای باڵندەو ڕێوی، ڕێگەی ڕاوکردن بە باز بووە چونکە ئەم باڵندەیە زوو ئاشنایەتی پەیدا کردووە و خۆشەویست بووە، هەروەها بینینی زۆر تیژە[٢٤] ، بایەخ پێدانی سوڵتانەکان بەڕاو زۆر بوو تاوای لێهاتبوو کاتیان بۆ تەرخان کردووە، بۆنموونە کاتێک خەلیفە (المقتدي بالله)ی عەبباسی داوای مهملك کچی سوڵتان ملکشای کرد بۆ هاوسەرگیری[٢٥]، بەڵام لە ناو جەرگەی ئاهەنگی هاوسەرگیری کردنەکە سوڵتان دەرچوو بۆ ڕاو ژمارەیەکی زۆر لەئاسکی ڕاوکرد " كان السلطان قد خرج عن بغداد متصيدا" [٢٦].

میرو سەرکردەکانیش بەشداریان لە ڕاوکردن دەکرد، کە مەرج و ئادابی بۆ دانرابوو، کە نەدەبوو ئاژەڵی ڕێگە پێنەدراو ڕاو بکەن، بەڵکو دەبوو حەڵاڵ بوایە[٢٧]، لەلایەکی ترەوە سوڵتانەکان نیزام و کاتی تایبەتیان بۆ ڕاو کردن داناوە، بۆ نموونە: لەکاتی تازیە و ماتەمینی دەرنەدەچوون، تەنانەت دوای مانگێک لە ماتەمینیەکە دەردەچوون، لە مانگی ذی الحجـةی ٤٧٤ک/١٠٨١ز داود کوڕی سوڵتان (ملکشاه) کۆچی دوایکرد، سوڵتان بە کۆچەکەی زۆر دڵگران بوو بۆیە نەدەچو بۆ ڕاو تاوەکو مانگێک بەسەر مردنەکەی تێنەپەڕی [٢٨]، لەلایەکی ترەوە سوڵتان پرسی بە ئەستێرەناسەکەی دەکرد ئەوجا دەچوو بۆ ڕاوکردن، داوای لێدەکرد ڕۆژێکی گونجاوی بۆ دیاری بکات، ڕۆژێک بێت کە بەفر و بارانی تێدا نەبارێت و بای بەهێز هەڵنەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بەباشی ڕاو بکات و چێژ لە گەشتەکەی ببینێت[٢٩] . خوێندنەوەمان بۆ ئەم زانیاریانە ئەوەیە کە سوڵتانەکانی سەلجوقی زۆر حەزیان لە ڕاو کردن بووە، بۆیە ویستویانە لەکاتی ڕاوکردن لەوپەڕی ئارامیدا بن وچێژی لێ ببینن.

هەروەکو لە گێڕانەوەیەک ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سوڵتان (ملکشاه) لەکاتی ڕاوکردندا ئاژەڵێکی کێوی ڕاو دەکات و لەگۆشتەکەی دەخوات، لەئەنجامدا تووشی نەخۆشی دەبێت بۆیە لەئەنجامدا بەنەخۆشی دەگەڕێتەوە بەغدا و کۆچی دوایی دەکات "كان سبب مرضه أنه أكل صيد فحم وافتصد، ولم يستوف اخراج الدم، فثقل مرضه، وكانت حمى محرقة.." [٣٠]، لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێتو لە ڕووی دەروونیەوە **(لێکدانەوەی دەروونی)** بۆ ئەم خوگرتنەی سوڵتان و پەرۆشی بۆ ڕاوکردن بکەین، بۆمان دەردەکەوێت سوڵتان پاش ئەوەی کوڕەکەی کۆچی دوایی کردووە سوڵتان تووشی خەم بۆتەوە، بۆیە پێدەچێت بارودۆخی دەروونی سوڵتان تووشی کێشە بووبێتەوە بۆیە خۆی بە ڕاوکردنەوە سەرقاڵ کردووە.

**تەوەری دووەم/ ڕاوکردنی سوڵتانەکانی دیکەی سەلجوقی:**

هەرچی تایبەتە بە سوڵتان محمود، زۆر حەزی لەڕاوکردن بووە، زۆربەی کاتە بەتاڵەکانی لەڕاوکردن بەسەربردووە، زۆر ئاژەڵی ڕاوکردووە، تەنانەت جارێکیان لەڕاو بووە لەبەغدا چووبووە دەرەوە، بەڵام هەواڵی مردنی داپیری پێگەیشت دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ بەغدا لە پرسەی ماتەمینی و تازیەی داپیری بەخۆی و پاسەوانەکانی لە (دار المملكة) دانیشتن " أن

السلطان محمود خرج من بغداد متصيدا، فورد الخبر إليه بوفاة جدته أم أبيه، فعاد عن متصيده وجلس للعزاء بها في حجرة من دار المملكة هو وخواصه" [٣١]

هەرلەم چوارچێوەیەدا سوڵتان محمد زۆر ئارەزووی لە ڕاوکردن هەبووە، فەرمانبەری تایبەتی بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم کارە داناو، داوای لێکردووە باشترین سەگەکان هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ڕاویان پێبکات، سوڵتان حەزی لە ڕاوکردنی ئاژەڵی سەگساربووە [٣٢]

هەرچی تایبەتە بە سوڵتان (مسعود) ئەوا دەبینین زۆر حەزی لەڕاوکردن بووە و لێی بێزارنەبووە، ئەسپ و بازی ڕاهێنراوی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی ڕاوکردن زیرەک ولێهاتوو بووە لەڕاوکردندا، "ولايسأم الصيد، وكان ماهرا شجاعا يخرج لصيد الأسود وحده، وكان عنده حصان مدرب خاص بهذا العمل" [٣٣]، بەڵام هەندێک جار سوڵتانەکان ئارەزوویان لە ڕاوکردنی ئاژەڵی دڕندە بووە، بۆ ئەم مەبەستە سەگ و پڵنگیان بەکارهێناوە لەجیاتی باز، هەروەها ئەسپەکانیان ڕاهێنراوبوون بۆ ڕاوکردن [٣٤]، هەروەها لەکاتی ڕاوکردنی ڕێویەکان مۆری سوڵتانیان لێدەدا ئەمەش وەکو شانازیەک بۆ زۆری ژمارەی ڕاوکردنەکانیان[٣٥].

زۆرجار سوڵتانەکان ڕاویان کردۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دوژمنەکانی پێ لەناوبەن، بۆ نموونە سوڵتان (سنجر) دوای ئەوەی لەگەڵ قدرخان خاوەنی سمرقند بۆ ڕاو دەردەچێت، لەوکاتەدا سوڵتان ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و لە قدرخان دەدات و بەدیل دەیگرێت و دوای ئەم ڕووداوە سوڵتان (سنجر) دەست بەسەر هەموو وڵاتی پشت ڕووباردا دەگرێت [٣٦]، هەروەها سوڵتان ملکشای دووەم ئارەزووی ڕاوکردنی هەبووە لەسەر دەموچاوی شوێنەواری ڕاوکردن هەبووە [٣٧].

**کاتی ڕاوکردنی سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی ڕاوکردن سوڵتانەکانی سەلجوقی لە سبەینان زوو دەردەچوون تاوەکو ئێوارە بەشێوەیەک گەشتی ڕاوکردنەکە لە سبەینان زوو دەستی پێکرد لە ئێوارە کۆتایی پێدەهات.(٣٨)،

**شوێنی ڕاوکردنی سوڵتانەکانی سەلجوقی:**

ئەوەی تایبەتە بە ڕاوکردن دەبینین سوڵتانەکان بە حوکمی ژیانی دەشتنشینیان لە دەشتایی و دۆڵەکان و لەو بیابانە بەرفراوانانەی کە تیایدا نیشتەجێ بوون ڕاویان کردووە(٣٩)، "... في كل مصيد من مصايد العراق وخراسان" دیارە ناوچەکانی عیراق و خۆراسان شوێنی ڕاوکردنی سوڵتانەکان بووە(٤٠). هەروەها سوڵتان ملکشاە لە کوفە ڕاوی کردووە "خرج السلطان ملكشاه في رابع من المحرم الى ناحية الكوفة للصيد فاصطاد هو وعسكره ألوفا.."(٤١) .

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەوە گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک لەاونە:

١- ڕاوکردن بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی سوڵتانەکانی سەلجوقی بووە لە عێراق.
٢- سوڵتانەکانی سەلجوقی لە عێراق چەندین ئاژەڵی جۆراوجۆریان ڕاوکردووە، لەنێویاندا باڵندە و مامز..هتد.
٣- لەو ئامرازانەی کە سوڵتانەکانی سەلجوقی بۆ ڕاوکردن بەکاریان هێناوە، ئاژەڵی ڕاهێنراو بووە.

٤- سـولّتانەكانی سـەلجوقی ڕاوكردنیـان وەكـو وەرگرتنـی پشـوو بـۆ ئـارامبوونەوەی دەروونیان ئەنجامداوە.

٥- عێـراق و خۆراسـان و بیابـانە بەرفراوانـانەی كە سـولّتانەكان تیایـدا نیشـتەجێ بـوون ڕاویان كردووە.

---

[1] الطيار، عبدالله بن محمد، الفقه الميسر(باب الصيد)، المملكة العربية السعودية، الناشر: مدار الزطن للنشر، ٢٠١٢، ص٥.

- Ripple ،William J.؛ Abernethy ،Katharine؛ Betts ،Matthew G.؛ Chapron ، Guillaume؛ Dirzo ،Rodolfo؛ Galetti ،Mauro؛ Levi ،Taal؛ Lindsey ،Peter A.؛ Macdonald ،David W.؛ Machovina ،Brian؛ Newsome ،Thomas M.؛ Peres ، Carlos A.؛ Wallach ،Arian D.؛ Wolf ،Christopher؛ Young ،Hillary (2016). "Bushmeat hunting and extinction risk to the world's mammals". Royal Society Open Science. ج. ٣: ١–١.

(٢) سورة القصص، آيه ٧٧

(٣) قرى ، الذهبية عاشور أبوبكر، إقليم ماوراء النهر في العصر السلجوقي في الفترة ٤٢٩-٥٥٨ك/ ١٠٣٧-١١٦٢ز، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة الزقاريق. (٢٠٠٨)، ص٣٣١

(٤) شـاهین: باڵندەیەكە لە ڕەگەزی بـازە زۆر بەهێزە و بـوراو بەكاردەهێنرێـت، جـوڵەی زۆر خێـرایە. بـڕوانە: أميرة مختار، مناظر الصيد في ضوء تصاوير المدرستين التيمورية والصفوية دراسة فنية تحليلية، كلية الآداب، جامعة طنطا، (٢٠٢٠)، ص١٠.

(٥) رايس، تامارا تـالبوت ، السـلاجقة تـأريخهم و حضـارتهم، ترجمة: لطفى الغورى وابراهيم الداقوقى، مطبعة الارشاد، (بغداد، ١٩٦٨). ص١١٥.

(٦) الراونـدى: محمد بـن علـى بـن سـليمان، راحـة الصـدور وآيـة السـرور، ترجمـة: ابـراهيم أمـين الشـواربى واخرون، شارع الجبلاية بالأوبرا، الجزيرة، ( القاهرة، ٢٠٠٥)، ص٥٩٧

(٧) نظام الدين الطوسى: قوام الدين أبو على الحسنبن على بن إسحاق، نظام الملك، سير الملوك أو سياست نامة، ترجمـة: يوسـف بكـار، دار المناهـل للطباعـة والنشـر والتوزيـع، (د.ت)، ص١٦٩ ؛ الراونـدى، راحـة الصـدور، ص٤٣٠

(٨) راحة الصدور، ص٢٢٩.

(٩) الطوسى، سياستنامه، ص١٦٥.

(١٠) الراوندى، راحة الصدور، ص١٨٦

(١١) ابن الاثير: أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الـدين ابـن الأثيـر، الكامـل فـي التـاريخ، تحقيق: عمـر عبدالسـلام التـدمرى، دار الكتـاب العربيـة، (بيـروت، ١٩٩٧)، ٢٣١/٨.

(١٢) الراوندى، راحة الصدور، ص٢٠٥ ؛ ابن تغرى بردى، النجوم، ١٢٣/٥

(١٣) ادوارد بـراون، تـاريخ الأدب فـي ايـران مـن بدايـة الحكـم الصـفوي حتـى النهايـة الحكـم القاجـارى (١٥٠٠-١٩٢٤م)، ترجمه الـى الفارسية: رشيد ياسمى، ترجمه الـى العربيـة: محمد علاء الدين منصور، انتشارات بنياد كتاب، ( تهران، ٢٠٠٢)، ٢٢١/٣

(١٤) ابـن الجـوزى: جمـال الـدين أبـو الفـرج عبـد الـرحمن بـن علـي بـن محمـد الجـوزي، المنـتظم فـي تـاريخ الأمـم والملوك، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٢هـ)، ٧٠/١٦ ؛ ابن الاثير، الكامل، ٣١١/٨

(١٥)ابن تغرى بردى: أبوالمحاسن جمال الدين يوسف بن الأمير سيف الدين الأتابكي، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، تعليق: محمد حسين شمس الدين،ط١،منشورات دار الآفاق الجديدة، (بيروت، ١٩٩٢)، ١٢٣/٥

(١٦) الراوندى، راحة الصدور، ص٢٠٥

(١٧) أبى طاهر الخـاتونى: موفق الدولـة أبوطـاهر الخـاتونى، يەكێـك بـوو لە فەرمـانبەرانى كـارگێرى لە دەوڵەتـى سـەلجوقی لە پـایەی المسـتوفی كـاری دەكـرد، هەروەهـا لە دیـوانی خـاتونی كـاری دەكـرد بـۆیە نـاونراوە بە (الخاتونی)، كاری ئەم فەرمـانبەرە بریتـی بوو لە سەرپەرشتیكردنی موڵكەكانی خاتون، پارە بەخشینەوە بەسـەر فەرمـانبەرانی سـەربازی و نـاسـەربازی، بەڵام پـاش گەڕانەوەی سوڵتان (ملكشاه) بۆ خۆراسـان بـووبە جێگری

سوڵتان، ڕۆڵی نووسەری سوڵتانی دەبینی تەنانەت پێی وتراوە قەڵەمی سوڵتان ابن الاثير، الكامل، ٣٢٦/٨ ؛ الاصفهانى، تاريخ، ص٢٥٥ ؛ الراوندى، راحة الصدور، ص٢٠٥

(١٨) الراوندى، راحة الصدور، ص٢٠٦

(١٩) اليزدى: محمد بن محمد ابن محمد بن عبد الله بن النظام الحسينى اليزدى، العراضة في الحكاية السلجوقية، ترجمة وتحقيق: عبدالنعيم محمد حسنين، حسين أمين، مطبعة جامعة ، (بغداد، ١٩٧٩)،ص٦٤.

(٢٠) هۆكـاری ئەمەش بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لەڕوانگەی ئاینەوە تا ڕادەیەكی زۆر پەسەند نەبووە، بەشێوەیەک بوونەوەر بخرێنە بەر سێبەری كەوانە و تیرەكان و ڕاوكردنیان بەبێ ئەوەی پێویستیان بێت بڕوانە: عبدالله بن محمد بن احمد الطيار ، توجيه وتنبيه الى هواة الصيد ومحبيه، (الرياض، ٢٠٠٣)، ص٢٩)، هەروەک پێغەمبەری خوا(د.خ) دەفەرمووێت: (ولا تتخذوا شيئا فيه الروح غرضا)(أبو ماجة، سنن، ١٠٦٣/٢).

(٢١)النويرى: أحمد بن عبد الوهاب بن محمد بن عبد الدائم القرشي البكري، نهاية الارب في فنون الادب، تحقيق: مفيد قميحة، دار الكتب والوثائق القومية، ( القاهرة، ١٤٢٣هـ)، ١٧٤/٢٦ ؛ الحسينى ،أخبار، ص٧٣

(٢٢) الراوندى، راحة الصدور،ص٢٠٦

(٢٣) الراوندى، راحة الصدور، ص ص ٥٠٥-٥٩٦

(٢٤)عمر الخيام: غياث الدين عمر بن إبراهيم الخيام النيشابورى، نوروزنامه، ترجمة: رمضان متولى رمضان، مراجعة وتقديم: السباعى محمد السباعى، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية (القاهرة، ٢٠٠٨)، ص٨٠.

(٢٥)ابن الاثير،الكامل، ٣٢٨/٨ ؛ البنداري، تاريخ، ص٦٧؛ابن الساعى:تاج الدين ابن الساعي،نساء الخلفاء المسمى جهات الأئمة الخلفاء من الحرائر والإماء،تحقيق:مصطفى جواد، مطبعة دار المعارف،(مصر، د.ت)، ص١٠٩-١١٠

(٢٦) ابن الاثير، المصدر نفسه، ٣١٥/٨

(٢٧) الراوندى، راحة الصدور، ص ٥٩٦

(٢٨) ابن الجوزى، المنتظم، ٣٠٠/١٦

(٢٩) محمد محمود ادريس، رسوم السلاجقة ونظمهم الاجتماعية، نشر دار الثقافة، (القاهرة، ١٩٨٣،. ص١٤٩

(٣٠) تقى الدين أبو العباس حمزة بن على الناشرى، انتهاز الفرص في الصيد والقنص، تحقيق: عبدالله محمد الحبشى، الدار اليمنية للنشر والتوزيع، (١٩٨٥)، ص٢٧٦-٢٧٧.

(٣١)ياقوت الحموى: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي، معجم البلدان، دار صادر، (بيروت، ١٩٩٥)، ١٩٢/١٧ ؛ على محمد سعد أحميدة الحاسى، مظاهر، ص٨.

(٣٢) البندارى، تاريخ، ص٩٩ ؛ رأفت محمد ضاحى الزين: الدولة السلجوقية في بلاد فارس والعراق خلال ٤٨٧-٥١١هـ/١٠٩٤-١١١٧م، رسالة دكتوراه غير منشورة، (٢٠١٦)، ص٢٣٠.

(٣٣) الراوندى، راحة الصدور، ص ٣٢٧

(٣٤) الراوندى، المصدر نفسه، ص٣٢٧

(٣٥)ادريس، محمد محمود ، رسوم، ص١٥٠

(٣٦) الحسينى، أخبار، ص٩٠

(٣٧) الراوندى، راحة الصدور، ص٣٥٩

(٣٨) الطوسى، د.ت، ص١٦٩

(٣٩)رايس، تامارا تالبوت ، السلاجقة، ص١١٥

(٤٠) الراوندى، راحه الصدور، ص٢٠٦

(٤١) ابن الجوزى، المنتظم، ٢٧٦/١٦

**لیستی سەرچاوە:**


١- القرآن الكريم.

٢- ابن الاثير: أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الدين ابن الأثير، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام التدمرى، دار الكتاب العربية، (بيروت، ١٩٩٧)،

٣- البندارى: فتح بن على بن محمد البندارى الاصفهانى، تاريخ دولة آل سلجوق، شركة طبع الكتب العربية، (مصر، ١٩٨٧).

٤- ابن الجوزى: جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٢هـ).
٥- ابن الساعى: تاج الدين ابن الساعي،نساء الخلفاء المسمى جهات الأئمة الخلفاء من الحرائر والإماء، تحقيق: مصطفى جواد، مطبعة دار المعارف، (مصر، د.ت)،
٦- ابن تغرى بردى: أبوالمحاسن جمال الدين يوسف بن الأمير سيف الدين الأتابكي، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، تعليق: محمد حسين شمس الدين، ط١، منشورات دار الآفاق الجديدة، (بيروت، ١٩٩٢).
٧- أبو ماجة، سنن، ١٠٦٣/٢.
٨- ادوارد براون، تاريخ الأدب في ايران من بداية الحكم الصفوي حتى النهاية الحكم القاجارى (١٥٠٠-١٩٢٤م)، ترجمه الى الفارسية: رشيد ياسمى، ترجمه الى العربية: محمد علاء الدين منصور، انتشارات بنياد كتاب، ( تهران، ٢٠٠٢)
٩- أميرة مختار، مناظر الصيد في ضوء تصاوير المدرستين التيمورية والصفوية دراسة فنية تحليلية، كلية الآداب، جامعة طنطا، (٢٠٢٠).
١٠- تقى الدين أبو العباس حمزة بن على الناشرى، انتهاز الفرص في الصيد والقنص، تحقيق: عبدالله محمد الحبشى، الدار اليمنية للنشر والتوزيع، (١٩٨٥)،
١١- الحسينى، أخبار الدولة السلجوقي، محمد اقبال، لاهور، ١٩٣٣.
١٢- رأفت محمد ضاحى الزين: الدولة السلجوقية في بلاد فارس والعراق خلال ٤٨٧-٥١١هـ/١٠٩٤-١١١٧م، رسالة دكتوراه غير منشورة، (٢٠١٦)،
١٣- الراوندى: محمد بن على بن سليمان، راحة الصدور وآية السرور، ترجمة: ابراهيم أمين الشواربى واخرون، شارع الجبلاية بالأوبرا، الجزيرة، ( القاهرة، ٢٠٠٥)،
١٤- رايس، تامارا تالبوت ، السلاجقة تأريخهم و حضارتهم، ترجمة: لطفى الغورى وابراهيم الداقوقى، مطبعة الارشاد، (بغداد، ١٩٦٨).
١٥- عبدالله بن محمد بن احمد الطيار،توجيه وتنبيه الى هواة الصيد ومحبيه،(الرياض، ٢٠٠٣).
١٦- عمر الخيام: غياث الدين عمر بن إبراهيم الخيام النيشابورى، نوروزنامه، ترجمة: رمضان متولى رمضان، مراجعة وتقديم: السباعى محمد السباعى، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية (القاهرة، ٢٠٠٨).
١٧- قرى ، الذهبية عاشور أبوبكر، إقليم ماوراء النهر في العصر السلجوقى في الفترة ٤٢٩-٥٥٨ك/ ١٠٣٧-١١٦٢ز، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة الزقاريق. (٢٠٠٨).
١٨- محمد محمود ادريس، رسوم السلاجقة ونظمهم الاجتماعية، نشر دار الثقافة، (القاهرة، ١٩٨٣).
١٩- نظام الدين الطوسى: قوام الدين أبو على الحسنبن على بن إسحاق، نظام الملك، سير الملوك أو سياست نامة، ترجمة: يوسف بكار، دار المناهل للطباعة والنشر والتوزيع، (د.ت)،
٢٠- النويرى: أحمد بن عبد الوهاب بن محمد بن عبد الدائم القرشي البكري، نهاية الارب في فنون الادب، تحقيق: مفيد قميحة، دار الكتب والوثائق القومية، ( القاهرة، ١٤٢٣هـ).
٢١- ياقوت الحموى: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي، معجم البلدان، دار صادر، (بيروت، ١٩٩٥)، ١٩٢/١٧ ؛ على محمد سعد أحميدة الحاسى، مظاهر،

٢٢- اليزدي: محمد بن محمد ابن محمد بن عبد الله بن النظام الحسيني اليزدي، العراضة في الحكاية السلجوقية، ترجمة وتحقيق: عبدالنعيم محمد حسنين، حسين أمين، مطبعة جامعة ، (بغداد، ١٩٧٩).

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Ripple، William J. Abernethy، Katharine Betts، Matthew G. Chapron، Guillaume Dirzo1، Rodolfo Galetti، Mauro Levi، Taal Lindsey، Peter A. Macdonald، David W. Machovina، Brian Newsome، Thomas M. Peres، Hillary Young، Christopher Wolf، Arian D. Wallach، Carlos A. (2016). "Bushmeat hunting and extinction risk to the world's mammals". Royal Society Open Science.

List of Sources:

1- The Holy Quran.

2- Ibn al-Athir: Abu al-Hasan Ali ibn Abi al-Karam Muhammad ibn Muhammad ibn Abd al-Karim ibn Abd al-Wahid al-Shaybani al-Jazari, Izz al-Din Ibn al-Athir, Al-Kamil fi al-Tarikh (The Complete History), edited by Omar Abd al-Salam al-Tadmuri, Dar al-Kitab al-Arabiyya (Beirut, 1997).

3- Al-Bandari: Fath ibn Ali ibn Muhammad al-Bandari al-Isfahani, Tarikh Dawlat Al Saljuq (History of the Seljuk Dynasty), Arab Book Printing Company (Egypt, 1987).

4- Ibn al-Jawzi: Jamal al-Din Abu al-Faraj Abd al-Rahman ibn Ali ibn Muhammad al-Jawzi, Al-Muntazam fi Tarikh al-Umam wa al-Muluk (The Regular in the History of Nations and Kings), Dar al-Kutub al-Ilmiyya (Beirut, 1412 AH).

5- Ibn al-Sa'i: Taj al-Din Ibn al-Sa'i, The Women of the Caliphs, also known as The Directions of the Imams and Caliphs from Free Women and Slave Women, edited by Mustafa Jawad, Dar al-Ma'arif Press, (Egypt, n.d.)

6- Ibn Taghribirdi: Abu al-Mahasin Jamal al-Din Yusuf ibn al-Amir Sayf al-Din al-Atabaki, The Shining Stars in the Kings of Egypt and Cairo, commentary by Muhammad Husayn Shams al-Din, 1st edition, Dar al-Afaq al-Jadida Publications, (Beirut, 1992).

7- Abu Majah, Sunan, 2/1063. 8- Edward Browne, A Literary History of Iran from the Beginning of the Safavid Dynasty to the End of the Qajar Dynasty (1500-1924 CE), translated into Persian by Rashid Yasami, translated into Arabic by Muhammad Ala' al-Din Mansour, Bonyad-e Ketab Publications, (Tehran, 2002)

9- Amira Mokhtar, Hunting Scenes in Light of the Paintings of the Timurid and Safavid Schools: An Analytical Artistic Study, Faculty of Arts, Tanta University, (2020).

10- Taqi al-Din Abu al-Abbas Hamza ibn Ali al-Nashiri, Seizing Opportunities in Hunting and Fishing, edited by Abdullah Muhammad al-Habashi, Yemeni Publishing and Distribution House, (1985).

11- Al-Husseini, News of the Seljuk State, Muhammad Iqbal, Lahore, 1933.

12- Raafat Muhammad Dahi al-Zain: The Seljuk State in Persia and Iraq during 487-511 AH/1094-1117 CE, unpublished doctoral dissertation, (2016).
13- Al-Rawandi: Muhammad ibn Ali ibn Sulayman, Comfort of Hearts and Sign of Joy, translated by Ibrahim Amin al-Shawarbi and others, Al-Jabalaya Street, Opera, Al-Jazira, (Cairo, 2005).
14- Rice, Tamara Talbot, The Seljuks: Their History and Civilization, translated by Lotfi. Al-Ghawri and Ibrahim al-Daqouqi, Al-Irshad Press, (Baghdad, 1968).
15- Abdullah ibn Muhammad ibn Ahmad al-Tayyar, Guidance and Admonition to Hunting Enthusiasts and Lovers, (Riyadh, 2003).
16- Omar Khayyam: Ghiyath al-Din Omar ibn Ibrahim al-Khayyam al-Nishapuri, Nowruznameh, translated by Ramadan Mutawalli Ramadan, reviewed and introduced by al-Siba'i Muhammad al-Siba'i, General Authority for Amiri Printing Affairs (Cairo, 2008).
17- Qura, al-Dhahabiyya Ashour Abu Bakr, Transoxiana Region in the Seljuk Era during the period 429-558 AD / 1037-1162 AD, unpublished doctoral dissertation, University of Zagazig, (2008).
18- Muhammad Mahmoud Idris, Seljuk Customs and Social Systems, Dar al-Thaqafa Publishing, (Cairo, 1983). 19- Nizam al-Din al-Tusi: Qawam al-Din Abu Ali al-Hasan ibn Ali ibn Ishaq, Nizam al-Mulk, Siyar al-Muluk or Siyasat-nama, translated by Yusuf Bakkar, Dar al-Manahil for Printing, Publishing and Distribution, (n.d.)
20- Al-Nuwayri: Ahmad ibn Abd al-Wahhab ibn Muhammad ibn Abd al-Daim al-Qurashi al-Bakri, Nihayat al-Arab fi Funun al-Adab, edited by Mufid Qumayha, Dar al-Kutub wa al-Watha'iq al-Qawmiyya, (Cairo, 1423 AH).
21- Yaqut al-Hamawi: Shihab al-Din Abu Abd Allah Yaqut ibn Abd Allah al-Rumi al-Hamawi, Mu'jam al-Buldan, Dar Sader, (Beirut, 1995), 17/192; Ali Muhammad Saad Ahmida Al-Hassi, appearances,
22- Al-Yazdi: Muhammad bin Muhammad bin Muhammad bin Abdullah bin Al-Nazam Al-Husseini Al-Yazdi, Al-Arada in the Seljuk Tale, translated and edited by: Abdul-Naim Muhammad Hassanein, Hussein Amin, University Press, (Baghdad, 1979).
It has been in English for a long time:
-Ripple WilliamJ.؛Abernethy Katharine؛Betts Matthew G.؛Chapron Guillaume؛ 1Dirzo ،Rodolfo؛ Galetti ،Mauro؛ Levi ،Taal؛ Lindsey ،Peter A.؛ Macdonald ، David W.؛ Machovina ،Brian؛ Newsome ،Thomas M.؛Peres Carlos A.؛ Wallach ،Arian D.؛ Wolf ،Christopher؛ Young Hillary (2016). "Bushmeat hunting and extinction risk to the world's mammals". Royal Society Open Science.